گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەهەندە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی)

**م. ی. بژار عبدالستار عبدالقادر**

بەشی جوگرافیا, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان ،عێراق

bzhar.abdulqader@su.edu.krd

**م.ی. عبيدالله حاتم يوسف**

بەشی جوگرافیا, کۆلێژی فاکلتی پەروەردە, زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان ،عێراق

Obaid.Hatam@koyauniversity.org

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٣/٤/٢٥

پەسەندکردن:٢٠٢٣/١١/٢٨

بڵاو کردنەوە:بەهار ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*Region of Catalonia , Spain, Economics, Referendum.*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.10.1.3

## پوختە

کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا لەماوەی مێژووی درێژی خۆیدا، گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، ئەم هەرێمە چەندین جار هەوڵی سەربەخۆیی و جیابونەوەی لە ئیسپانیا داوە، کۆتا هەوڵی بۆ خەونی سەربەخۆیی ڕاپرسیەکەی بەرواری (1-10-2017)بوو، کە زیاتر لە ڕێژەیی(٩٠%) خەڵکی بەشدار بوو تیادا بە دەنگدان ڕازی بوون بۆ جیابوونەوە، ئەمەش کێشەکەی قوڵتر کرد. لەبەر گرنگی ئەو بابەتە لەسەر بنەمای ئاامانجەکانمان پلانی لێکۆڵینەوەکانمان دابەش کردووە بۆ پێشەکیەك و سێ تەوەر, تەوەری یەکەم: باس لە ڕەگەزە سروشتییەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا دەکات بەم شێوەیە. تەوەری دووەم: تایبەتکراوە بۆ سەرچاوە مرۆییەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا. تەوەری سێیەم: ئەم تەوەرە باسی ئایندەی کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا و ئەگەرەکانی چارەسەرکردنی. لە کۆتایشدا لێکۆڵینەوەکە بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووە.

کلیلی ووشە: هەرێمی کەتەلۆنیا، ئیسپانیا، ئابووری، ڕاپرسی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

هەوڵەکانی گەلان و نەتەوەکان بۆ سەربەخۆ بوون و جیابوونەوە لەم وڵات و هەرێمانەی کە بە زۆر پێوەی لکێنراون هەولێکی لە مێژینەیە، دۆزە هاوچەرخەکانی جیهان بەردەوام سەرچاوەی نائارامی و گرژیە سیاسی و سەربازییەکانی ئەم ناوچانەن کە کێشەیەکی چارەسەرنەکراوی هەیە، بێگومان کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا یەکێکە لەم کێشانەی کە لە ناوچەیەکی گرنگی جیهاندا دروست بووە و ڕەهەندی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی هەیە، لەم بوارەشدا زیاتر لە سەدەیەکە بە دەست کێشەی خاك و خاوەنداریەتی دەناڵێنێت.

کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیایە یەکێکە لەم کێشە سیاسیە نێودەوڵەتیانەی تا ئێستا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بەردەوامی هەیە لە باشوری ئەوروپا، بۆیە بەهۆی ئارەزووی جیاخوازی بەشێك لەدانیشتوانەکەی چەندین جار هەوڵدراوە کەوا ئەم هەرێمە چارەنوسی خۆی دیاری بکات، بەڵام بەهۆی بەهێزی حکومەتی ئیسپانیا و پاڵپشتی دەرەکی بە تایبەتی یەکێتی ئەوروپا، نەتوانراوە ئامانجی خۆی بپێکێت، هەر ئەمەش وایکردووە کێشەکە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەربگرێت و چەندین وڵاتی زلهێز بخزێنە ناو کێشەکە و مەرامی سیاسی خۆیان دەربخەن.

## هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشان:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:

لەم ڕووداوانەی ئەم ساڵانە بەتایبەتی ڕاپرسی، ئەم کێشەیە ئاراستەیەکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە.

نەبوونی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم کێشەیە بە زمانی شیرینی کوردی هۆکار بوو بۆ بڕینی ئەم هەنگاوە زەحمەتە.

نیشاندانی تواناکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە دەتوانرێت ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆی بەهێز.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گرفتی لێکۆڵینەوە:

کێشەی توێژینەوەکە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەدا هاوشێوەیە:

1- شوێنی ناوچەکە و سنوورەکانی لە ئیسپانیا

2- ئایا مێژوویەکی هاوبەش لە نێوان کەتەلۆنیا و ئیسپانیادا هەیە کە ببێتە هۆی ئەم پابەندبوونە بە جیانەبوونەوەی ناوچەکە؟

3-ئەو ئیمتیازاتانە چین کە ناوچەی کەتەلۆنیا بەهرەمەندە؟

ئایا جیابوونەوەکە کاریگەری لەسەر ئابووری ئیسپانیا لەناو یەکێتی ئەوروپادا دەبێت؟

5- ئایا وڵاتانی ناوچەکە و نێودەوڵەتییەکان پاڵپشتی کەتەلۆنیا دەکەن؟

## گرنگی لێکۆلینەوە:

گرنگی لێکۆڵینەوەکە دەگەرێتەوە بۆ گرنگی جیۆستراتیژیی ناوچەی کەتەلۆنیا، بەو پێیەی ناوچەیەکی زۆر کاریگەرە لەسەر ئابووری ئیسپانیا، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕادەی پەیوەندی ئیسپانیا بەم ناوچەیە، و سوودە جوگرافی و ئابووری و سیاسییەکانی دەردەخات کە ئەم هەرێمە خاوەنییەتی، بۆیە ئەم توێژینەوەیە ڕادەی وابەستەی ولاتی ئیسپانیا لەگەڵ ناوچەکە نیشان دەدات.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە:

ئامانجی لێکۆڵینەوە لە کێشیەی هەرێمی کەتەلۆنیا بریتییە لە خستنە ڕووی ئەو کێشەیە کە خاوەن مەترسیەکی سیاسی گەورەیە لە ناوچەکەدا و دەرخستنی ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان هەبووە لەسەر کێشەکە لە هەموو قۆناغەکاندا. بەتایبەتی لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە.

بۆیە ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرخستنی توانا سروشتی و مرۆییەکانی کەتەلۆنیایە و دەرخستنی بنەڕەتی کێشەکە و ڕۆڵی ولاتان و ڕێکخراوەکان لە چارەسەرکردن یان قولکردنەوەی کێشەکە چیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گریمانەی لێکۆڵینەوە:

لەم لێکۆلینەوەیە ئەم گریمانانە دەخەینەڕوو:

1- ئایا بنەما سروشتی و مرۆیەکان پاڵنەرن بۆ داواکردنی سەربەخۆی هەرێمەکە؟
2- ئایا پاڵپشتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان پاڵنەری هەوڵەکانی هەرێمەکەیە بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە:

لەم لییێکۆڵینەوەدا میتۆدی هەرێمی بەکارهاتووە ئەمە سەرەڕای میتۆدی شیکردنەوەی هێز کە لە ڕێگایانەوە هەستاوین بەشیکردنەوەی دیاردە جوگرافیە سروشتی ومرۆییەکان لە ڕرووی جیۆپۆلەتیکیەوە کە توانای هەرێمی کەتەلۆنیای پێ دەست نیشان کراوە، هەروەها ڕێبازی مێژوویی:بەکاهاتووە بۆ زانینی ڕادەی زانینی کاریگەریی جیابوونەوە لەسەر ئیسپانیا لە ڕێگەی ڕەگ و ریشە مێژووییەکانی نێوانیانەوە.

## سنووری لێکۆڵینەوە:

سنوری شوێنی هەرێمی کەتەلۆنیا دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئەوروپا و باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئیسپانیا

سنوری کاتی(1931 تاوەکو 2022).

## گرفتی توێژەران:

گرنگترین ئەم ئاستەنگانەی ڕووبەڕرووی توێژەران بۆتەوە لە توێژینەوەکەدا لەکاتی کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکاندا، کەمی سەرچاوەی زانستی بەتایبەتی بەزمانی کوردی لەسەر کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا.

**پلانی لێکۆڵینەوە:**

به ئامانجی گەیشتن بە لێکۆڵینەوەکە و جێبەجێکردنی گریمانەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەری سەرەکی کە پێکدێت لە مانەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم: باس لە ڕەگەزە سروشتییەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا دەکات بەم شێوەیە، یەکەم (شوێنی جوگرافی)، دووەم (ئاووهەوا)، سێیەم (بەرزی و نزمی)، چوارەم (دەرامەتی ئاو).

تەوەری دووەم: تایبەتکراوە بۆ سەرچاوە مرۆییەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا، بەم شێوەیە یەکەم یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمەکە، دووەم دانیشتوان و پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمەکە، سێیەم ئابووری هەرێمەکە.

تەوەری سێیەم: ئەم تەوەرە باسی ئایندەی کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا و ئەگەرەکانی چارەسەرکردنی، بەم شێوەیە یەکەم مێژووی سەرهەڵدانی کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا، دووەم لایەنی پەیوەندیدار بە کێشەکە، سێیەم توانای جێبەجێکردنی جیابوونەوەی هەرێمی کەتەلۆنیا لە وولاتی ئیسپانیا.

## تەوەرەی یەکەم/ ڕەگەزە سروشتییەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا

ڕەگەزە جوگرافیا سروشتییەکان بایەخێکی زۆریان هەیە، چونکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر هەڵوێستی یەکە ڕامیارییەکان، گرنگی جیۆپۆلیتیکی ڕەگەزە سروشتییەکانیش وەکو یەك نین واتە هەندێکیان بەراورد بە ئەوانی تر زیاترە، بەم شێوەی خوارەوە شرۆڤەیان دەکەین:

**یەکەم: شوێنی جوگرافی**

به یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی کاریگەر دادەنرێت کە کاریگەریەکەی لەسەر ئاراستەکانی دانیشتوان و ڕەفتاری سیاسی حکومەتەکانی و پەیوەندیەکانی دەرەوەی، دەکرا گەلێک لەچاڵاکیەکانی دەوڵەت و تایبەتمەندییەکانی بگەڕێنینەوە بۆ شوێنە جوگرافیەکەی(دەرویش،2014، ل5).

لێکۆلینەوە لە شوێنی جوگرافی لە پێشەوەی ئەم تایبەتمەندیانە دێت کە کاریگەری زۆري هەیە لەسەر یەکە سیاسي و هەرێمییەکان، شوێنی جوگرافی ڕۆڵێکی کارا و گرنگ دەگێڕێت لە سەنگی هەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکەیەکی سیاسی بەپێوەری قەوارەی یەکە سیاسیەکە ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە سەنگی سیاسی بەرامبەر یەکە سیاسیەکانی تر (سعودي،1974،ص17).

شوێنی جوگرافی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی دەوڵەت بەڕادەیەك دەستنیشانی ڕۆلی لایەنی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤی لەبواری پەیوەندیە نێودەولەتیەکان دەکات لەکاتی شەڕ و ئاشتیدا (شامی،2001،ص30).

سەبارەت بەشوێنی جوگرافیای هەرێمی کەتەلۆنیا دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئەوروپا و باکوری رۆژهەڵاتی ووڵاتی ئیسپانیا واتە کەوتۆتە نیمچە دوورگەی ئیبیریا، بڕوانە نەخشەی(1). کەواتە دەتوانین بڵێین شوێنی جوگرافی هێزی یەکە ڕامیارییەکان و ئاراستەی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی دیاریدەکات، بەشێوەیەك جێگیرە لە سەر ڕووی زەوی بەڵام بەها سیاسی و ستراتیجیەکەی لە گۆڕانی بەردەوام دایە.

### 1/ شوێنی فەلەکی:

سەبارەت بە شوێنی ئەسترۆنۆمی هەرێمی کەتەلۆنیا دەکەوێتە نیوە گۆیی باکوری زەوی، بە سەرنجدان لە نەخشەی (1) دەردەکەوێت، کەوتۆتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ($40^{\circ}.12^{-}.10^{=}$ - $43^{\circ}.44^{-}.10^{=}$)ی باکووری نیوەگۆی زەوی ئەمەش گرنگی و کاریگەری هەیە لەسەر جۆری ئاووهەواکەی، بەڵام سەبارەت بەهێڵەکانی درێژی کەوتۆتە نێوان هەردوو هێڵی درێژی ($0^{\circ}.10^{-}.10^{=}$ - $3^{\circ}.17^{-}.20^{=}$)ی ڕۆژهەڵات. (حداد،2009،ل102)، ئەمەش ناوچەیەکی فێنکە و گونجاوە بۆ جۆراوجۆری کشتوکاڵ و چالاکیە ئابووریەکان، لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە تاکو چالاکییە ئابووریەکان جۆراوجۆرترین گرنگی زیاتر دەبێت بۆ بژێوی دانیشتوان هەروەها بۆ وڵاتیش کە بە هۆیەوە پشت بەیەك سەرچاوە نابەستێت لەڕووی ئابووریەوە کە ئەمەش خاڵێکی گرینگە لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە بۆ هەرێمەکە.

### 2/ شوێن بە پێی وڵاتانی دراوسێ:

شوێنی دراوسێیەتی هەندێك جار بە شوێنی ڕێژەیی ناودەبرێت، هەرێمی کەتەلۆنیا شوێنێکی گرنگی هەیە لە کیشوەری ئەوروپا بەشێوەیەك لە بەشی باشور و خۆرئاوای وڵاتی ئیسپانیایە، بەشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆرهەڵاتی دەڕوانێتە سەر دەریای ناوەڕاست، کەچی وولاتانی ئەندۆرا و فەرەنسا سنووری باکورەکەی پێکدەهێنن. نەخشەی(1)

### 3/ شوێنی وشکانی و ئاوی:

شوێن بەگوێرەی ئاوو وشکانی ڕەگەزێکی گرنگە، چونکە کەسایەتییەکی تایبەت بە یەکە سیاسیەکە دەبەخشێت، سیاسەتەکانی دەوڵەتیش بەرەو ئاقارێکی دیاریکراو ئاراستە دەکات (عبدالغنی،2005،ل38). سەبارەت بە هەرێمی کەتەلۆنیا خاسیەتی وشکانی و ئاوی بەسەرهەرێمەکەدا زاڵە بەناوچەیەکی کراوە دادەنرێت، بە سەرنجدان لە نەخشەی (1) دەردەکەوێت کە بەشی رۆژهەلاتی دەڕوانێتە سەر دەریای ناوەڕاست، بەشی باشور و ڕۆژئاوای هەرێمەکە وولاتی ئیسپانیایە کەچی وولاتی فەرەنسا و ئەندۆڕا سنوری باکورەکەی پێکدێنن، ئەمەش بایەخێکی ستراتیجی گرنگی بە ناوچەکە بەخشیوە کە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکی تەواو بە هەرێمەکە دەبەخشێت.

### 4/ ڕووبەر و شێوە:

سەبارەت بە ڕووبەری هەرێمی کەتەلۆنیا نزیکەی هەرێمەکە(32,106)کم2، بەم شێوەیە هەرێمی کەتەلۆنیا لە(6,3 %)ی کۆی ڕووبەری وولاتی ئیسپانیا پێکدێنێت، بێگومان ئەمەش سەنگی خۆی هەیە چونکە وادەکات بە بەراورد بە زۆر دەوڵەتی تری وەك(ئەندۆڕا و ئەلبانیا و بەلجیکا) کە ڕووبەرەکەیان یەك بەدوای یەك بریتییە لە (468کم2)و(28748کم2)کم و(30510کم2)، کە لە هەرێمی کەتەلۆنیا بچوکترن.

سەبارەت بە شێوەی هەرێمی کەتەلۆنیا شێوەی ڕووبەرەکەی یەکگرتووە و لە شێوەی سێگۆشەیەکی نارێکی سەربەرەوخواردایە و ئەم جۆرە شێوەیە بەشێك لە سیما باشەکانی شێوەی بازنەی تێدا کۆدەبێتەوە کە خاڵە بەهێزەکانی شێوەی هەرێمەکە لەبەشی باکوریەتی کە زۆربەی ڕوبەری هەرێمی کەتەلۆنیای لێ پێکدێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشی باشورەکەی درێژکۆڵەیە و دورکەوتۆتەوە لە مەرکەز ئەمەش خاڵی لاوازی هەرێمەکەیە. دوژمن بەئاسانی دەتوانێ لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات بڕوات .(Orwell, 2000, p131)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی (1) شوێنی فەلەکی و جوگرافی هەرێمی کەتەلۆنیا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافیا (Arc GIS 10.8)،پشت بەستن بە:
David Roberts and others, ATLAS 4TH EDITION, previously published as the Ultimate Pocket Book of the World Atlas & Factfile, Fourth Edition ,2010, P.8.

## دووەم: ئاووهەوا:

ئاووهەوا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە هێزی دەوڵەتان لە بوارەکانی ( ئابوری، سەربازی، سیاسی ) تەنانەت کاریگەری ناڕاستەوخۆ دەکاتە سەر چالاکیەکانی مرۆڤ(السماك،1998،ص55)، ئەمەش هەر لەخۆوە نیە کە زۆربەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دەکەونە ناوچە مام ناوەندەکان لەڕووی ئاووهەواوە، وێڕای پێشکەوتنی مرۆڤ بەڵام نەیتوانیووە بەسەر بارودۆخی ئاووهەوا بەتەواوی زاڵ بێت(السعودی،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1974،ص51)، ئەوەی تایبەت بێت بە ئاووهەوای هەرێمی کەتەلۆنیا ئاووهەوای جۆراو جۆری لێ بەدی دەکرێت وەکو ئاووهەوای(دەریای ناوەڕاست، ئەلپی، ئەلپی مام ناوەند، کیشوەری، وشك و گەرم، کەنار دەریا) بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەر بە سیستەمی ئاووهەوای دەریای ناوەراستە، زستانی ساردو بارانلویە پلەی گەرما دادەبەزێت بۆ(سفر)ە، هاوینی گەرم و وشکە پلەی گەرما بەزر دەبێتەوە بۆ(27)پلەی سیلیزی، بێگومان ئەمەش وای کردووە ناوچەکە چوار وەرزی ساڵی لێ بەدی بکرێت،(أمزیان،2016،ص122)، کە دەبێتە هۆی جۆراوجۆری بەرهەم لەناوچەکە و دواتریش دەبێتە هۆی دابینکردنی ئاسایشی خۆراك بۆ دانیشتوانەکەی کە مەرجی سەرەکیە بۆ دروستبوونی قەوارەیەکی بەهێز لە ئایندەدا.

## سێیەم: بەرزی و نزمی:

بەرزی ونزمی لە گرنگترین ڕەگەزەکانی سروشتی دەژمێردرێت کە پەیوەندی بە هێزی دەوڵەتەوە هەیە، ناوچە بەرزاییەکان کار لە دانیشتوانی یەکە سیاسیەکان دەکەن و جۆرێك لە دابڕان و سەربەخۆییان پێ دەبەخشێت ، هەرچی دانیشتوانی پێدەشتەکانە زیاتر دووچاری دەست تێوەردانی دەرەکی دەبنەوە، ئەمە جگە لە بوونی چەندین خەسڵەتی دەشتەکان بەئاسانی گەیشتنی بە دەوروبەروو ئەنجامدانی چالاکی ئابوری بەشێوەیەکی ئاسان، هەرچی ناوچە شاخاویەکانە بەربەستی سروشتیە بەرامبەر داگیرکەران و سەرچاوەیەکی گرنگی چەندین دەرامەتی سروشتییە. (أبوعیانە، 1996،ص37). ئەوەی تایبەت بێت بەهەرێمی کەتەلۆنیا دیاردەی بەرزایی بەسەریدا زاڵە بەتایبەتی لەبەشی باکورەکەی چەند زنجیرە چیایەك بەدی دەکرێ وەك ئەو زنجیرە چیایانەی کە درێژدەبنەوە لە ناوەڕاست و باکورەوە بۆ باکوری ڕۆژهەڵات، لەوانە زنجیرەکانی چیای البرینیە ( البرانس) بەرزترین لوتکەی بریتییە لە (انتۆ)، لە ناوەڕاستی زنجیرەی (سیرا دی لاینا) درێژدەبێتەوە لە باشوری ڕۆژئاوا بۆ باکوری ڕۆژهەلات بەدرێژایی کەنارەکانی دەریای ناوەراست،(نەخشەی2) بەرزی ئەم چیایانە لەنێوان (2000 - 3000م) دایە لەئاستی ڕووی دەریا (Hargreaves,2000,p81).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە سەرنجدان لە نەخشەی (2) دەردەکەوێت بەرزترین ناوچەی هەرێمەکە بەرزییەکەی گەیشتۆتە نزیکەی (3057) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا، هەروەها لە هەندێك ناوچە بەرزاییەکەی کەترە لە (26) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا، بێگومان ئەمەش فاکتەرێکی بەهێزە بۆ بوونی سنوورێکی تۆکمە و بەهێز لەکاتی بوونی هەر هەڕەشەیەك لەسەر ئەم هەرێمە سەرەڕای بوونی دەشتی بەپیت و گرینگ لەبەشی رۆژهەڵاتی هەرێمەکە کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر دەریای ناوەراست کە ناوچەیەکی گرینگن بۆ کشتوکاڵ و دروستکردنی بەندەری گرنگ، کە دواتر کاریگەری ئەرێنی دەبێت بۆ ئابووری هەرێمەکە، بەمەش گرنگی ئەم بەرزاییانە دەردەکەێت بەمەبەستی پاراستنی هەرێمەکە لە هەر مەترسییەك.

نەخشەی (2) بەرزی و نزمی هەرێمی کەتەلۆنیا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافیا (Arc GIS 10.8)،پشت بەستن بە:
David Roberts and others, ATLAS 4TH EDITION, previously published as the

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Ultimate Pocket Book of the World Atlas & Factfile, Fourth Edition ,2010, P.8.

## چوارەم: دەرامەتی ئاو

سەرچاوە ئاویەکان بە ڕەگەزێکی سروشتی گرنگ دادەنرێن بۆ هێزی دەوڵەت هیچی کەمتر نیە لە سامانە سروشتیەکانی تر ئەگەر زیاتر نەبێت، لەبەر گرنگیەکەی لەژیانی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەر وەکو مادەیەکی بنچینەییە لە زۆربەی پیشەسازیەکان بەتایبەتی لەسەردەمی ئەمڕۆدا کێشەی کەمی ئاو بۆتە کێشەیەکی سەرەکی زۆربەی وڵاتان(شامی، 2001،ص57-59).

سەبارەت بە هەرێمی کەتەلۆنیا یەکێکە لەم هەرێمانەی کەدەوڵەمەندە بە سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی ئەمەش بەهۆی ئەم باران و بەفرانەی کە ساڵانە لە هەرێمەکە دەبارێت بەتایبەتی بە بەفری سەرچیا سەختەکان، لەگرنگترین سەرچاوە ئاویەکانی ئەم هەرێمە بریتیین لە ڕووبارەکانی (ابرۆ، لیوبرگات، فرانکولی، توردیرا، فلوبیا، گایا)، (Domingo,2003, p2327) کە گرنگی زۆریان هەیە بۆ بواری کشتوکاڵی و گەشتوگوزارو خواردنەوە و بەکارهێنانی تر.

## تەوەرەی دووەم/ ڕەگەزە مرۆییەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا

لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندی جوگرافی هەر ناوچەیەك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە دەروازەیەکە بۆ ناساندنی تایبەتمەندییەکانی لێکۆلینەوە، لەم ڕووەوە هەوڵ دەدەین لایەنی جوگرافی واتە ڕەگەزە مرۆییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕاڤە بکەین:

## یەکەم: یەکە کارگێڕیەکانی هەرێمەکە:

هەرێمی کەتەلۆنیا یەکێکە لەو(17)هەرێمەی کە لە وڵاتی ئیسپانیا بوونی هەیە(نەخشەی3)، لەڕووی کارگێڕیەوە هەرێمەکە دابەش دەبێت بەسەر چوار پارێزگا کە ئەوانیش بریتین لە (بەرشەلۆنە کە پایتەختی هەرێمەکەیە، جیرۆنا، لابدا، تەراگونا).(بەرزنجی، 2008، ل146)

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی (3) یەکە کارگێڕیەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافیا (Arc GIS 10.8)،پشت بەستن بە:

David Roberts and others, ATLAS 4TH EDITION, previously published as the Ultimate Pocket Book of the World Atlas & Factfile, Fourth Edition ,2010, P.8

## دووەم: دانیشتوان و پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمەکە

سەبارەت بە کاریگەری دانیشتوان لە سەر سەنگی جیۆپۆلیتیکی هەرێم و ولاتان بریتییە لە ژمارە و پێکهاتەی دانیشتوان لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە، یەکێك لە گرنگترین توخمەکانی دروستبوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێزی نەتەوەیی ژمارەی دانیشتوانە چونکە مرۆڤ بە گرنگترین فاکتەری جیۆپۆلیتیك دادەنرێت، بۆیە بەم شێوەی خوارەوە شرۆڤەیان دەکەین:

## 1. ژمارەی دانیشتوان:

لەبنچینەدا دانیشتوان لایەنێکی گرنگی هێزی دەوڵەت پێکدەهێنێت بەڕادەیەك قەوارە و چالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی پێوە بەندە ئەمە سەرەڕای گرنگی لەبواری سەربازی(عەتەوی،2011،ل195-196)، ئەفلاتون و ئەرستۆ باوەڕیان وابوو کە دانیشتوانی (دەوڵەتی شار) دەبێ هێندە کەم نەبێ کەزیان بەتوانای سەربازی و سەربەخۆیی ئابووری بگەیێنێ و هێندەش زیاد نەبێ کە پایەکانی حکومەتێکی دیموکراسی لەق بکا.(ئەسەسەرد،2004،ل86).

بە سەرنجدان لە خشتەی (1) دەردەکەوێت ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کەتەلۆنیا بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە بەجۆرێك لەساڵی(1900) ژمارەی دانیشتوانی(1,966,382)کەس بووە بەڵام لەساڵی (1950) ژمارەی دانیشتوانی گەیشتۆتە(3,240,313)کەس بووە، لەم ماوەیەدا بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی لە(12%) بووە هەروەها ئەم ڕێژەیە لەساڵی(2010)بەرزدەبێتەوە بۆ (7,462,044)کەس(Cetra,2018, p128). کەچی لەساڵی(2020) گەیشتۆتە (7,722,203)کەس، بێگومان ئەمەش بۆ نزمی ئاستی لەدایەك بوون دەگەڕێتەوە بەهۆی ئاستی ڕۆشنبیری تاك و کارکردنی ئافرەت هاوتای پیاو لەدەرەوە، کەچی لەساڵی (2022) ژمارەی دانیشتوان دووبارە بەرزدەبێتەوە بۆ(7,747,709)کەس، کە ئەم ڕێژەیە لە(16.3%)ی دانیشتوانی وولاتی ئیسپانیا پێکدێنێت، بەجۆرێك ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی ئیسپانیا نزیکەی (44,698,921)کەسە لەهەمان ساڵ.

بێگومان ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوە بۆ دابینکرنی هێز و توانای مرۆیی بۆ هەرێمەکە هەروەها بە بەراورد بە ڕووبەری دانیشتوان ڕێژەکە گونجاوە بەڵام ئەوەیە دانیشتوان بەشێوەیەکی یەکسان لەسەر خاکەکە دابەش نەبوون، زۆربەی زۆری دانیشتوان لە بەرشلۆنەی پایتەختی هەرێمە کۆبونەتەوە، بەشێوەیەك ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ساڵی (2022) گەیشتۆتە (5،701،708) کەس، هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژمارەی دانیشتوانی هەریەکە لە شارەکانی (تاراگۆنا و جیرۆنا و لایدا) یەك بە دوای یەکتر برتیین لە (830،804) و (777،258) و (437،939) کەس، زۆربەی دانیشتوانی هەرێمەکە خەڵکی کەتەلۆنیان هەرچەندە نزیکەی (19%)ی دانیشتوانی هەرێمی کەتەلۆنیا کۆچبەرن (علی, 2022, ل40)

سەبارەت بە چڕی دانیشتوانی هەرێمی کەتەلۆنیا، بە تێبینیکردن لە نەخشەی (4) دەردەکەوێت جیاوازی زۆر لە نێوان شارەکانی هەرێمەکە بەدی دەکرێت، بەشێوەیەك بەرزترین چڕی دانیشتوان دەکەوتە شاری بەرشلۆنە کە چڕیەکەی بریتییە لە (546) کەس /کم2، هەروەها شاری لایدا نزمترین ڕێژەی چڕی پێکدەهێنێت بە بەراورد بە شارەکانی تری هەرێمەکە، بە جۆرێك چڕیەکەی لە کیلۆمەترێك چوارگۆشە گەیشتۆتە (26) کەس.

خشتەی (1)

ڕێژە و ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کەتەلۆنیا لە نێوان ساڵانی(1900-2022)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان/ کەس | ڕێژەی لە کۆی دانیشتوانی ئیسپانیا (%) |
|---|---|---|
| 1900 | 1,966,382 | 10.6 |
| 1910 | 2,084,868 | 10.4 |
| 1920 | 2,344,719 | 11 |
| 1930 | 2,791,292 | 11.8 |
| 1940 | 2,890,974 | 11.1 |
| 1950 | 3,240,313 | 11.5 |
| 1960 | 3,925,779 | 12.8 |
| 1970 | 5,122,567 | 15.1 |
| 1981 | 5,949,829 | 15.8 |
| 1990 | 6,062,273 | 15.6 |
| 2000 | 6,174,547 | 15.3 |
| 2010 | 7,462,044 | 16.1 |
| 2020 | 7,722,203 | 16.3 |

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| 2022 | 7,747,709 | 16.3 |

سەرچاوە: کاری توێژەی پشت بەست بە:

1- (https://www.idescat.cat/indicador)

2-Nathalie Duclos , The Strange Case of the Scottish Independence Referendum. Some Elements of Comparison between the Scottish and Catalan Cases French Journal of British Studies, Revue Française de Civilisation Britannique, Online since 23 July 2015, connection on 19 April 2019, p.5

نەخشەی (4) چڕی دانیشتوانی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ساڵی 2022




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافیا (Arc GIS 10.8)،پشت بەستن بە:

1- David Roberts and others, ATLAS 4TH EDITION, previously published as the Ultimate Pocket Book of the World Atlas & Factfile, Fourth Edition ,2010, P.8.

2- https://www.idescat.cat/indicadors.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2. پێکهاتەی ئاینی:

گومانی تێدانیە بیرو باوەڕی ئاینی ڕۆڵێکی تایبەت و دیاریکراوی لە ژیانی کۆمەڵگادا هەیە بگرە زۆرجار دەبێتە ڕێنمایکەری ژیانی سیاسی دەوڵەت، بەو پێیەی کە ئاین لەتوخمە پێکهێەرەکانی کۆمەڵە هەروەها توخمێکی سەرەکی هێزی سیاسی دەوڵەتە کە بنەمای ژێرخانی دەوڵەت پتەوتر دەکات، لە زۆر دەوڵەت دا ئاین ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ لە یەکگرتویی و تەبايي دەبینێت سەرەڕای جیاوازی ڕەگەزی و ئاینی، بەمەش ئاین دەبێتە هێزی گرێدەری کۆمەڵگا، لەهەمان کاتدا جیاوازی ئاین ڕەنگە بەهۆی دەمارگیري و نزمی ئاستی ڕۆشنبیریەوە کێشە بنێتەوە، لەوبارەدا فرە ئاینی ململانێ و کێشمەکێش و گرفتی سیاسی و هەرێمي و نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە ڕەنگە ببێتە هۆی لێکترازانی یەکپارچەیی کۆمەڵگا(تالب،2005،ل56).

سەبارەت بەهەرێمی کەتەلۆنیا چەندین ئاین و ئاینزای جیاوازی تێدا بەدیدەکرێت کە بۆخۆیان ڕێبازی جۆرا و جۆریان تێدا بەدیدەکرێت لە گرنگترین ئاینەسەرەکیەکانی هەرێمەکە بریتیین لە(مەسیحی، ئاسیزم، ئەگنۆستیزم، موسڵمان).(أمزيان، 2016،ل129)

بە سەرنجدان لە خشتەی (2) دەردەکەوێت لەسەردەمی ئێستادا هیچ جۆرە ململانێیەکی ئاینی بەشێوەی ڕەها بەدی ناکرێت، بەڵام ئەگەری هەیە دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەت کێشمەکێشی ئاینی دروست بێت هەرچەندە لە(٥٨%)دانیشتوانی هەرێمەکە مەسیحین بەڵام ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێز لەئاینەکانی تر نەگیرێت ئەگەری بەرپابوونی ململانێی ئاینی هەیە، هەرچەندە لەئێستادا بەخاڵی لاوازی جیۆپۆڵەتیك هەژمار ناکرێت.

خشتەی (2)

دابەشبوونی جۆری ئاین لە هەرێمی کەتەلۆنیا لە ساڵی (2021)

| ژمارە | ئاین | ڕێژەی دانیشتوان٪ |
|---|---|---|
| 1 | کاسۆلیك(مەسیحی) | 58 |
| 2 | پرۆستانت | 3 |
| 3 | ئۆرسۆدۆکس | 0,9 |
| 4 | جوو | 0,6 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| 5 | ئاسیزم | 16 |
| 6 | ئەگنۆستیزم | 11,9 |
| 7 | ئیسلام | 4,8 |
| 8 | بودیزم | 1,3 |
| 9 | ئاینی تر | 2,4 |
| 10 | بێ دین | 1,1 |
| 11 | کۆی گشتی | 100 |

سەرچاوە: محمد فرهادی ، تبیین اقتصادی جدایی طلبی کاتالونیا از اسپانیا بر مبنای رویکرد انتخاب عقلانی ، فصلنامه رهیافت های سیاسي و بین المللی ، سال نهم ، شماره 2 ، زمستان 1396.

### 3ـ زمان:

گرنگی زمان لەپتەوکردنی پەیوەندی نێوان ڕۆڵەکانی دەوڵەت دەردەکەوێت، ئەو ڕۆشنبیریەی مرۆڤ هەیەتی بەهۆی زمانەوە دەستی کەوتووە، بەهۆیەوە زانستەکان دەگوازرێتەوە جیاوازی زمان لەزۆربەی کاتدا دەبێتە مایەی ناکۆکي و جیاوازی لەنێوان دانیشتواندا(عەتەوی،2011،ل201)، لەکۆنفرانسی ئاشتی ساڵی(1919)بۆ چارەسەری کێشەی گەلە بێ دەوڵەتەکان سنوری نیشتمانی نەتەوەکان لەسەر ئاستی فراوانی دیالێکتە جوداکان و شێوەی زمانەکان دەستنیشانکران و دەوڵەتیان بۆ دروستبوو، زمانی (چیك و سلوفیکی)چونکە لەیەکەوە نزیك بون بوو بەهۆی دروستبوونی وولاتی(چیکۆ سلۆڤاکیا) لێکچوونی زمان و دیالێکتەکانی (سربی. کرواتی. سلوڤیکی)بوو بەهۆی درووستبوونی وولاتی (یوگۆسلۆڤاکیا)،(جنگیانی،2017، ل13).

ئەوەی تایبەتە بە هەرێمی کەتەلۆنیا ئەویش بەهەمان شێوە لەسەر بنەمای زمانی کەتەلۆنی ناوی هەرێمەکە نراوە کەتەلۆنیا، گرنگترین زمانە بەکارهاتووەکان لەکەتەلۆنیا بریتین لە زمانەکانی (کەتەلۆنی، ئیسپانی)، بەڵام زمان لە کەتەلۆنیا نەبۆتە خاڵێکی جیۆپۆلەتیکی لاواز، چونکە هیچ جۆرە فشارێك و ململانێیەك لەسەر زمان نەهاتۆتە ئاراوە تاوەکو خەڵکی هەرێمەکە ناچار بەفێربوونی زمانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تر بکات،(Woolard,2020,p317)، هاوشێوەی هەرێمی کوردستان کە پێش حوکمی زاتی زمانی عەرەبی زمانی فەرمی بوو، هەروەها لەبەشەکانی تری کوردستان تاوەکو ئێستا هەرماوە.

## 4ـ پێکهاتەی نەتەوەیی:

نەتەوە بریتییە لەکۆمەڵێك خەڵك کە خاوەن یەك زمان و یەك مێژوو کەلتوري هاوبەشن، هەستی نەتەوایەتی هەستێکی قوڵە گرێبەستێکی سیاسی نیە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دەوڵەت لەڕووی پێکهاتەي نەتەوەیی جۆراوجۆرن، کەم وڵات هەیە کە خاوەن یەك نەتەوە بێت، جۆراو جۆري پێکهاتەی نەتەوەیی زۆرجار کێشە بۆ دەوڵەت دروست دەکات بەتایبەتی ئەگەر مافي کەمە نەتەوەکان دەستەبەر نەکرێت وە زۆر جاریش کێشەی نەتەوەیی سنوري هەرێمێك دەبڕێت چەندەها دەوڵەت دەگرێتەوە.(عبدالقادر، 2003،ص11).

ئەوەی تاییبەت بێت بە هەرێمی کەتەلۆنیا بە هۆي هەڵکەوتە جوگرافیەکەی وایکردووە چەندەها نەتەوەو نەژادی جیاوازي تیا بەدیاربکەوێت لەگرنگترینیان نەتەوە سەرەکیەکانی (کەتەلۆنی و ئاران)ە، بوونی نەتەوەی جیاواز لەم هەرێمە نەبۆتە گرفت و خاڵێکی لاوازی جیۆپۆلەتیك بۆیە وەك ناوچەکانی تر بەڵام مانای ئەوە نیە هیچ کات گرفت ڕوونادات بەتایبەتی کاتێك گرفت بکەوێتە سەر مافی نەتەوەکان هەر لایەنێك داوای مافی خۆی دەکات.(Woolard,2020,p322)

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کەتەلۆنیا لەڕووی توخمە سروشتی و مرۆییەکان، خاوەن جیۆپۆلەتیکەکی زۆر بەهێزە و سەرجەم ئەم توخمانە لە بەرژەوەندی هەرێمەکەن و سودیان هەیە بۆ درووستبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی بەهێز، بەتایبەتی لەڕووی ئابووریەوە چونکە هەرچەند ناوچەیەکی گونجاو و توخمە سروشتی و مرۆییەکان گونجاو بن بێ بوونی ئابووریەکی بەهێز ڕۆڵی سەرەکی نابێت لەبەهێزکردنی ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەی ناسنامەی کەتەلۆنیەکان جیاوازن لە ڕووی زمان و کەلتوورەوە.

## سێیەم: ئابووری کەتەلۆنیا

حکومەتی کەتەلۆنیا پشت ئەستوورە بە ئابووریەکی بەهێز، هیچ قەرزێکی دەرەکی و ناوەکی لەسەر نیە، باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیانی کردووە کێشەی دابینکردنی مووچەی کارمەندانی نیە، لە راستیدا کەتەلۆنیا پێویستی بە ئیسپانیا نیە، بگرە بەپێچەوانەوە ئیسپانیا پێویستی بەکەتەلۆنیایە، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ئابووری، کەتەلۆنیا ساڵانە نزیکەی(49)ملیار یۆرۆ بۆ بودجەی گشتی ئیسپانیا دابین دەکات کە دەکاتە نزیکەی(19)لەسەدی سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی ئیسپانیا، نزیکەی (35,5)ملیار یۆرۆ لەناو هەرێمەکە ساغ دەکرێتەوە و ئەوەی تر کە(13,5)ملیار یۆرۆیە بە هەرێمەکانی تر دەدرێت، ئەگەر کەتەلۆنیا لەئیسپانیا جیا ببێتەوە(13,5)ملیار یۆرۆکەشی بۆ دەگەڕێتەوە. نیوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی کەتەلۆنیا لەگەڵ جیهانە و نیوەکەی تریشی لەگەڵ هەرێمەکانی تری ئیسپانیایە، کەتەلۆنیا هیچ قەیرانێکی ئابووری نییە چ لەئیسپانیا جیا ببێتەوە چ جیانەبێتەوە، سەربەخۆییەکی ئابووری مسۆگەری هەیە.(ئەسەسەرد،2017،ل12)

لە ڕووی ئابووریەوە کۆی بەرهەمی ناوخۆی تاك لە هەرێمی کەتەلۆنیا بریتییە لە (26،319) یۆرۆ کە بە ڕێژەی (20%) زیاترە بە بەراورد بە وڵاتی ئیسپانیا، ئابوری هەرێمەکە بە پلەی یەکەم پشت بە چالاکی پیشەسازی بەستووە، سەبارەت بە کەرتی گەشت و گوزاریش ڕێژەی (25%)ی ئەم گەشتیارانەی سەردانی وڵاتی ئیسپانیا دەکەن ڕوو لە هەرێمی کەتەلۆنیا دەکەن، بەجۆرێك لە ساڵی (2017)دا (18) ملیۆن گەشتیاری بیانی ڕوویان لە هەرێمی کەتەلۆنیا کردووە کە تێکڕای ئەم پارەیەی لە هەرێمەکەدا خەرجیان کردووە (16)ملیار یۆرۆ بووە، لە ساڵی (2012)دا هەرێمە کەتەلۆنیا لە ڕیزبەندی دوازدەهەمدا بوو لە نێو ئابووری یەکێتی ئەوڕوپا لە پێشەوەی وڵاتی فینلەندا بوو، هەروەها گەشەی ئابوری هەرێمەکە لە ساڵی (2017)دا (3.6%) بووە کەچی لە ئیسپانیا (3.2%) بووە، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی لە هەمان ساڵدا لە هەرێمەکە بریتی بووە لە (60.4%) کەچی لە وڵاتی ئیسپانیا بریتی بووە لە (11%)، ئەمە جگە لەوەی گرنگترین بەندەری ئاوی ئیسپانیا کە یەکەم بەندەری سەرەکی ئەوڕوپا لە سەر دەریای ناوەڕاست کەوتۆتە بەرشلۆنا، بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە(2020-2021) لە وڵاتی ئیسپانیا بەگشتی و هەرێمی کەتەلۆنیا بەتایبەتی، کاریگەری زۆری لەسەر کەرتی ئابووری هەبوو بەسەرجەم لایەنەکانی(پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی و گەشت و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوزار و وەرزش) زیانێکی گەورەی بەم هەرێمە گەیاند، بەتایبەتی لەبواری وەرزش، چونکە یانەی بەرشلۆنەی تووشی قەیرانێکی ئابووری کرد و لەم ماوەیە هیچ داهاتێکی وەرزشی نەبوو، سەبارەت بەکەرتەکانی تریش بەهەمان شێوە (علی،2022: ل42-43).

تەوەرەی سێیەم/ ئایندەی کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا و ئەگەرەکانی چارەسەرکردنی

بە ئامانجی دیاریکردنی ئایندەی کێشەی ناوچەی لێکۆڵینەوە و ئەگەرەکانی چارەسەرکردنی کێشەکە، بەم شێوەی خوارەوە شرۆڤەی دەکەین:

## یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا

ئەگەر سەیری نەخشەی سیاسی جیهان بکەین دەبینین هەندێ لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بەدەست چەندین کێشەو ململانێی سیاسیدا دەناڵێنێت، هەر یەك لەم کێشانە جگە لەکاریگەری ناوخۆیی ئەوا لەسەر ئاستی هەرێمی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا کاریگەریان هەیە.(فەتحوڵا،2014،ل295)

سەبارەت بەکێشەی نێوان مەدرید و بەرشەلۆنە تەنیا بریتی نیە لە کێشەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کەتەلۆنیا لەساڵی(2017)، بەڵکو مێژووی ئەو کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سێ سەدە بەر لەو بەرواره، لەو کاتەوە سەرەتاکانی دەرکەوتنی کێشەی هەردوولا دەرکەوت(محمد، 2017، ل4)

دەتوانین بڵێین سەرەتای کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(1714) کاتێك هەردوو هێزی هاوبەشی سەربازی(فەڕەنسی و ئیسپانی) دەستیانگرت بەسەر بەرشەلۆنەدا، لە(11ی ئەیلولی 1714) لەسەروبەندی دیاریکردنی جێنشینی پاشایەتی بۆ تەختی ئیسپانیا لەنێوان هەریەك لە(دۆق ئەنگۆ فلیپ و پاشای نەمسا)، کەتەلۆنیەکان پشتگیری پاشای نەمسایان کرد، بەڵام بەهۆی بەهێزی هێزە سەربازییەکانی فەڕەنسا و ئیسپانیا لە(11ی ئەیلولی 1714) توانیان شاری بەرشەلۆنە داگیر بکەن و دامەزراوە فەرمییەکانی لەکار بخەن، بۆیە کەتەلۆنیەکان لەوبەرواره یادی ڕۆژی سەربەخۆیی دەکەنەوە.(أورويل،2002،ص38)

بەم شێوەیە هەرێمی کەتەلۆنیا تاوەکو ساڵی(1931) لەژێر دەسەڵاتی ئیسپانیا مایەوە دواتر لەساڵی (1932) ئەم هەرێمە حوکمی زاتی بەسەرۆکایەتی(یویس کۆمبانیس) وەرگرت لەپەرلەمانی ئیسپانیا و زمانی کەتەلۆنی لەپاڵ زمانی قشتاڵییەکان بوو بەزمانی فەرمی ئەم هەرێمە، دواتر لەژێر فشاری سەربەخۆ خوازەکان(یویس کۆمبانیس) ناچارکرا لە (6-1-1934) سەربەخۆیی کەتەلۆنیا لەچوارچێوەی کۆماری فیدراڵی ئیسپانیادا ڕابگەیەنێت، ماوەی سەربەخۆیی تەنیا (10)کاتژمێری خایاند، لەئەنجامدا سوپای ئیسپانیا هێرشی کرد و دەیەها کەس لەناوچوون، یویس کۆمبانیس خۆی ڕادەستی حکومەتی ئیسپانیا کرد و لەلایەن فرانکۆ سەرۆکی ئیسپانیا گوللەباران کرا.(Orwell,2000, p122)

هەرێمی کەتەلۆنیا تاڕادەیەك دامەزراوە فەرمیەکانی لەکارنەکەوتبوو، بەڵام لە(24-1-1939) بەرشەلۆنە بەتەواوی کەوتە دەست هێزەکانی جەنەڕاڵ فرانسیس فرانکۆ، بەهۆی جەنگێکی ناوەخۆیی کە بەپێی بیروڕای مێژوونوسی بەناوبانگ (پۆل بریستن) لەو جەنگەدا نزیکەی(400)هەزار کەس گیانیان لەدەستدا، سەرئەنجام سەرجەم دامەزراوە فەرمییەکانی کەتەلۆنیا لەکارخران، هەروەها زمانی کەتەلۆنیش قەدەغە کرا، ئەو ڕێکارە توندانە تا ساتی مردنی فرانکۆ لە ساڵی (1975) بەردەوام بوو.(هیشام،2017،ص3)

دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر مردنی فرانکۆ، لە بەرواری(31-12-1978) جارێکی تر هەرێمی کەتەلۆنیا توانی حوکمی زاتی بەدەست بهێنێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەندین دەسەڵاتیان لەبوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و سیاسەتی زمانەوانی و کلتوری وەرگرت، هەروەها پۆلیسی کەتەلۆنیا دامەزرایەوە، هەروەها زمانی کەتەلۆنی دووبارە بووە زمانێکی فەرمی هەرێمەکە.(مجدوبی،2019،ص21)

لەمانگی ئاداری ساڵی(2006) هەرێمی کەتەلۆنیا و حکومەتی ئیسپانیا کەوتنە گفتوگۆ بۆ بەهێزکردنی حوکمی زاتی هەرێمەکە، دواتر پەرلەمانی ئیسپانیا ئەو دەقەی کەدەڵێت(کەتەلۆنیا نەتەوەیەکی سەربەخۆیە) پەسەندکرد، بەڵام هەر زوو ئەم بابەتە لەلایەن پارتی موحافەتکارانەوە بەسەرۆکایەتی (ماریانۆ ڕاخۆی) ڕەتکرایەوە( بەرزنجی، 2008،ل147)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاکو دەهات هەرێمی کەتەلۆنیا پێگەی بەهێز دەبوو ئەوەبوو لە بەرواری(13-9-2009) لەژێر کاریگەری بەهێزبوونی هەژمونی حوکمی زاتی کەتەلۆنیا، گوندێك بەناوی(ئارنیس) یەکەم دەنگدانی لەسەر سەربەخۆیی ڕێکخست، ئەم دەنگدانە دواتر لەلایەن سەدان شارەوانییەوە پەیڕەوکرا.(أورويل،2002،ص44)

لەبەرواری(6-2010) دادگای دەستووری ئیسپانیا فەرمانیدا بەڕەتکردنەوەی چەند بەشێك لە پەیماننامەی ساڵی(2006)، ئەو دادگایە ڕای وابوو کەبەکارهێنانی(نەتەوە) بۆ وەسفکردنی هەرێمێك هیچ بەهایەکی یاسایی نییە. هەرئەمەش وایکرد سەدان هەزار هاوڵاتی کەتەلۆنی خۆپیشاندان بکەن بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی دادگای دەستووری ئیسپانیا، چونکە پێیان وابوو ئەم بڕیارە سوکایەتی بەکەتەلۆنیەکان دەکات.(الحيالي،2017،ص302)

دەتوانین بڵێین لەدوای ساڵی(1978) و وەرگرتنی حوکمی زاتی بۆ هەرێمەکە تادەهات بەهێز دەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن بەشێك لەکاربەدەستانی حکومەتی ئیسپانیا دژایەتی دەکرا، ڕێگری لێ دەکرا بە سەرجەم مافە دەستوریەکانی خۆی بگات.

سەبارەت بە هەرێمی کەتەلۆنیا لەماوەی حوکمرانی خۆیدا چەند جارێك ڕاپرسی ئەنجامداوە، بەڵام دیارترینیان ڕاپرسیە نافەرمیەکەی بەرواری(9-11-2014) بوو کە لە(٨٠٪)ی هاوڵاتیانی کەتەلۆنیا دەنگیان بە سەربەخۆیی هەرێمەکەدا، بەڵام تەنها لە(٣٥٪)دانیشتوان بەشداریان لەڕیفراندۆمەکە کرد، دواتر لەلایەن حکومەتی ئیسپانیا بە پێچەوانەی دەستور لەقەڵەم درا.(Connolly,2017, p57)، بەڵام مانای ئەوە نیە بیری سەربەخۆیی لەم ساڵە هاتۆتە بوون بەڵکو لە بەرواری (11-9-2012) زیاتر لەیەك ملیۆن هاوڵاتی کەتەلۆنی لەشاری بەرشەلۆنە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بۆ سەربەخۆیی، هەرچەندەووڵات لەبارودۆخێکی ئابووری سەخت دابوو.

هەروەها بیری سەربەخۆیی تا دەهات فراوانتر دەبوو، لەبەرواری(27-9-2015) سەربەخۆخوازان توانیان کورسیەك لەپەرلەمان بەدەست بێنن، لە بەرواری(10-1-2016) کارلۆس بۆجدیمۆن بوو بەسەرۆکی هەرێمی کەتەلۆنیا، پرۆژەیەکیان بەناوی (بەرەو سەربەخۆیی کەتەلۆنیا لە2017 و دامەزراندنی کۆماری کەتەلۆنیایان) ڕاگەیاند، بەڵام ئەم پرۆژەیە لەلایەن دادگای دەستوریەوە بەپاساوی ئەوەی نادەستورییە ڕەتکرایەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپرسی ئەنجامدرا لە بەرواری(1-10-2017) ئەنجامدرا، بەسەرۆکایەتی کارلۆس بۆجدیمۆن لەم ڕاپرسیەدا نزیکەی لە(٤٣٪)ی دانیشتوانی هەرێمی کەتەلۆنیا بەشداریان کرد لەئەنجامدا (٩٠٪)ی دەنگدەران داوای جیابوونەوەی هەرێمی کەتەلۆنیایان کرد لە ووڵاتی ئیسپانیا، لەوکاتەدا مەلیکی ئیسپانیا فلیپی شەشەم لە بەرواری(3-10-2017) ڕایگەیان کەوا ئەو ڕاپرسیە(نایاسایی و نادەستوریە)، لەهەمانکاتدا سەرۆکی کەتەلۆنیا ڕایگەیاند لە حەفتەی ئایندە بڕیاری سەربەخۆیی ڕادەگەیینین، هەروەها گوتی مەلیکی ئیسپانیا ڕەتی دەستوری کردووە بەم هۆیە ئیسپانیا شەرمەزارە، بەڵام سەرۆک وەزیران(ماریانۆ راخۆی) توانی هەرێمی کەتەلۆنیا بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئیسپانیا، بۆیە ناڕەزایەتی خەڵکی لێکەوتەوە و خۆپیشاندان ئەنجامدرا بووە هۆی بریندار بوونی (893)کەس بەم هۆیەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاتە دەنگ(هیشام، 2017،ص5).

به درێژایی مێژوو خواستی سەربەخۆیی هەرێمەکە لە هەڵکشان دایە، بە جۆرێك لە ساڵی (2009)دا ڕێژەی ئەو کەتەلۆنیانەی پاڵپشتیان لە جیابوونەوە لە ولاتی ئیسپانیا کردووە (19%)بوو، وە لە ساڵی (2010)دا هەڵکشا بۆ (23%)، بەڵام لە ساڵی (2015)دا ڕێژەکە بەرزبۆوە بۆ (39%)ی کۆی گشتی دانیشتوان، لە ڕاستیدا جولانەوەی جوداخوازی کەتەلۆنییەکان لە سەرەتادا سروشتێکی کولتووری و زمانەوانی بووە پاشان بەهۆی چەندین فاکتەرەوە سروشتێکی سیاسی وەرگرتووە، دواجاریش فاکتەری ئابووری بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەکیترین پاڵنەر بووە بۆ خواستی سەربەخۆیی خەڵکی ئەم هەرێمە (علی،2022: ل43).

## دووەم: لایەنی پەیوەندیدار بە کێشەکە

وەك ئاشکرایە کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا کێشەیەکی بچوك نەبوو تاکو ولاّتان گرنگی پێ نەدەن، بەڵکو هەر زوو دەستیان خستە ناو ئەم کێشەیە بۆ بەژەوەندی خۆیان، هەر گرفتێکی سیاسی لەچوارچێوەی ووڵاتێك دروست بێت بەتایبەتی ئەگەر ووڵاتەکە ئەندام بێت لە پەیمانە نێودەوڵەتیەکان یان ناوچەیەکی ئابوری مەزن بێت، بێگومان ووڵاتانی دەرەکی کەم تا زۆر ڕۆڵ دەگێڕن ئینجا بەشێوەی باش بێت یان خراپ، لەکۆتاییدا بەرژەوەندی خۆیان لەسەرووی هەموو شت دادەنێن، هەر کاتێك کێشەیەك لە ناوچەیەك دروست دەبێت کاریگەری فراوانی دەبێت لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چونکە کار دەکات سەر پەیوەندییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی، بۆیە هەریەکەیان هەوڵ دەدەن دەستکەوت بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەدەست بهێنن، لێرەدا باسی ڕۆڵ و کاریگەری بەشێك لەم وڵات و ڕێکخراوانە دەکەین کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر ئەم کێشەیە هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان دەکەین:

## 1- ڕۆڵی یەکێتی ئەوڕوپا:

یەکێتی ئەوڕوپا لەساڵی(1951)دامەزراوە، لە(27)ووڵات پێکدێت، کە دەکەونە کیشوەری ئەوروپا، لەدوای جەنگی سارد دا تا دەهات بەهێزتر دەبوو بەتایبەتی لەڕووی ئابوری(ئۆغلو،2020،ل553)، ووڵاتی ئیسپانیا لە ساڵی (1985)بووە ئەندام لەم یەکێتیە(شەریف،1992،ل35) بۆیە کۆمەڵێك ئەرك و مافی کەوتە سەر.

دوای ئەنجامدانی ڕاپرسی لەلایەن هەرێمی کەتەلۆنیا لە بەرواری(1-10-2017) ووڵاتی ئیسپانیا بەتوندی وەڵامی دایەوە و تەنانەت گەیشتە ئەو ئاستەی حکومەتی کەتەلۆنیای هەڵوەشاندەوە و هێزی سەربازی بەکارهێنا، بەم شێوەیە هیچ بەهایەکی بۆ مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت نەهێشتەوە، هەریەك لەووڵاتانی(ئەڵمانیا، فەڕەنسا، بەریتانیا، ئیتاڵیا) ئەندام لەیەکێتی ئەوڕوپا ڕاپرسیەکەی کەتەلۆنیایان ڕەتکردەوە، بەم شێوەیە پاڵپشتی خۆیان بۆ یەکپارچەیی خاکی ئیسپانیا دەربڕی و ئامادەیی هاوکاری ئیسپانیایان ڕاگەیان، ئەوەشیان ڕاگەیاند کە ئەم پێشهاتانەی هەرێمی کەتەلۆنیا جێگای دڵەراوکێ و نائارامیە، جیابوونەوە چارەسەر نیە هەروەها هەموو ئەندامانی یەکێتی ئەوڕوپا لەسەریانە ڕێز لەدەستوور بگرن، دەبێ ناکۆکییە سیاسیەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت دووركەونەوە لە توندوتیژی، هەروەها وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ئەوەی ڕاگەیاند کەوا دان بەسەربەخۆیی کەتەلۆنیا دانانێین ئەگەر تاك لایەنە بێت، جگە لەمەش سەرۆکی یەکێتی ئەوڕوپا(جان کلودیۆ)داوای کرد ڕێز لەیاسا و دادگا و دەستوری ئیسپانیا بگیرێ، بەڵام سەرۆکی ئەنجومەنی ئەورووپی(دۆناڵد تۆساك) پشتگیری خۆی بۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا دەربڕی و داوای کرد توندوتیژی بەکارنەیەنێت(www.enciclopedia.cat).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆکاری ڕەتکردنەوەی ڕاپرسیەکەی کەتەلۆنیا لەلایەن یەکێتی ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی مەترسی سەرهەڵدانی جیابوونەوەی تر لەووڵاتەکانی تری ئەندام وەك هەرێمی باسك لە فەرەنسا و هەروەها دورگەی کورسیکا و ئیتاڵیا و بەلجیکا چەندین ووڵاتی تر وەك جیابوونەوەی بەریتانیا لە بریکست (هیشام،2017،ص12).

## 2- ڕۆڵی ئەمریکا:

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە کێشەی کەتەلۆنیا نەکرد، بەڵام دژایەتی خۆی بۆ ڕاپرسیەکە ڕانەگەیاند، بەڵکو ووتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا(هیندر نوێرت) ووتی: ئەم ڕاپرسیە شتێکی ناوەخۆییە و ئەمریکا حەز بە دەست تێوەردانی ناوەخۆیی ناکات، ئەوە بۆ حکومەت و خەڵکە چارەسەری بکەن، هەروەها کار لەگەڵ حکومەت و هەر کیانێك دەکات لەدوای چارەسەری کێشەکە، ئەم ووتەیەی ئەوە دەگەینێت ئەمریکا پشتگیری سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دەکات، چونکە دەڵێت ئێمە کار لەگەڵ هەر حکومەت و کیانێك دەکەین دوای چارەسەری کێشەکە، ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە دان بەسەربەخۆیی کەتەلۆنی دەنێت لەکاتێکدا کەسەربەخۆیی بەدەستهێنا، ڕۆژنامەی (البایس)ی ئیسپانی ڕایگەیاند کە سەرۆکی هەرێمی کەتەلۆنیا(کارلۆس بۆجدیمون) دەڵێت: ووتەکانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوە دەگەینێت کە ئەمریکا ڕێز لەویستی هەرێمی کەتەلۆنیا دەگرێت لەگەڵ ئەنجامی ڕاپرسیەکە.

ئەوەی دیارە ئەمریکا ئامانجی ئەوەیە کەیەکێتی ئەوروپا لێك بپچڕێنێت کەپێشتر پاڵپشتی بەریتانیای کرد لەجیابونەوە لەئەوڕوپا، یان مەبەستی سەرقاڵکردنی ووڵاتانی ئەوڕووپایە بەکێشەی ناوەخۆییەوە تاوەکو یەکێتی ئەوروپا یان هەر ووڵاتێکی گەورە کێبڕکێی لەگەڵ نەکات، ئەم جۆرە بزووتنەوە و جیابونەوەیە لەبەرژەوەندی ئەمریکا دایە، بۆ پێچەوانەی هەڵوێستەکەی بوو بەرامبەر ڕاپرسیەکەی هەرێمی کوردستان کە بەهەموو شێوەیەك پاڵپشتی عێراقی کرد بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق ئەمەشیان هەر لەبەرژەوەند خۆیەتی تاوەکو عێراق بەردەوام سەرقاڵ بێت بەکێشەی ناوخۆ و جگە لەمەش ڕازی کردنی ووڵاتانی دراوسێی عێراق بەتایبەتی تورکیا (محمد،2017،ل28).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3-ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان:

نەتەوە یەککگرتووەکان لەلایەن ئەمریکاوە سەرکردایەتی دەکرێت و پشتگیری خۆی بۆ سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دەربڕیوە، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان(ئەنتۆنیۆس غوتیریش) دەڵێت: هیواخوازم دەزگا دیموکراتیەکان لە ئیسپانیا چارەسەری دۆخەکە بکەن لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کەتەلۆنیا، واتە ڕاپرسیەکەی ڕەتنەکردۆتەوە، هەروەها گوتەبێژی سەرۆکی خولی(حەفتاودوهەمین)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت(مافی گەلانە لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان وە ئاماژەی بەوەکرد پێویستە ئەم مافە جێبەجێ بکرێت بەبێ ناکۆکی لەسەر ڕێککەوتنی لایەنەکان)، لەمەوە بەدیار دەکەوێت کەوا هانی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دەدات لەکاتێکدا دژی سەربەخۆیی کوردستان وەستایەوە بێگومان ئەمە دەردەخات کە ئەمریکا دەستی بەسەر بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان داگرتووە(الحیالی، 2017، ص32)

لەکۆتایی دا دەتوانین بڵێین هیچ جۆرە دیموکراسیەت و مافی مرۆڤێك لە وولاتانی ئەوروپا بەها و نرخی نامێنێت کاتێك بەرژەوەندیەکانیان دەکەوێتە مەترسیەوە، ئەمەش باشترین سەلمێنەرە لە ڕاپرسیەکەی هەرێمی کەتەلۆنیا بەدەردەکەوێت، هەروەها سەبارەت بە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان دووبارە ئەمە دەسەلمێنێت کەوا دۆستایەتی ئەم زلهێزانە تەنها بەرژەوەندیە بەڵام بچوکترین دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت یەکتر تێکدەشکێنن.

## سێیەم: توانای جێبەجێکردنی جیابوونەوەی هەرێمی کەتەلۆنیا لە وولاتی ئیسپانیا

بێگومان بڕیاری جیابوونەوە ئاسان نیە بەتایبەتی لەچوارچێوەی وولاتێك کەوا ئەندامە لەکۆمەڵێك هاوپەیمانی بەهێز، چونکە ئەم وولاتانە بەهەموو شێوەیەك هاوکاری دەبن بۆ چەسپاندنی هێز و پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەتەلۆنیا کە جیابۆوە توانای خۆبژێوی هەیە. چونکە هەرێمی کەتەلۆنیا سەرەڕای بچوکی بەڵام لە(٢٠٪) بەرهەمی نیشتمانی بەرهەم دێنێت، هەروەها کۆنترۆڵی لە(٧٠٪)ی گواستنەوە و گەیاندنی بازرگانی دەرەوەی ئیسپانیا دەکات، هەروەها یەك لەسەر سێی پیشەسازی ئیسپانیا بەرهەم دەهێنێت، بۆیە دانیشتوانی هەرێمی کەتەلۆنیا وا بیردەکەنەوە ئەوەی وەری دەگرن کەمترە لەوەی دەیدەن، هەروەها حکومەتی ئیسپانیا باجی زۆریان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەخاتە سەر گەیشتۆتە لە(١٠٪)ی بەرهەمی هەرێمی کەتەلۆنیا، کە هەموو ئەوانە بۆتە هۆکاری سەرهەڵدان و بزووتنەوە و داواکردنی جیاکاری، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ئیسپانیا کێشەی ئابوری و کەمی بودجەی گشتی و بەرزبونەوەی بێکاری هەیە، بۆیە هەرێمی کەتەلۆنیا ڕەگەزێکی سەرەکی چارەسەری ئەم کێشانەیە لە ئیسپانیا(Moreno,2017, p21).

## أ/ زیانەکانی وڵاتی ئیسپانیا بە جیابوونەوەی هەرێمی کەتەلۆنیا:

لێکترازان و جیابوونەوە زۆربەی کات بەزیان دەشکێتەوە بۆ وڵاتی خاوەن هێز، بەڵام مەرج نیە هەمووکات ئەم یاسایە ڕاست بێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە گرنگترین زیانەکانی ئیسپانیا چین بە سەربەخۆیی کەتەلۆنیا(عبدالقادر،2017،ص19).

1. نزیکەی لە(٦٪)ی خاکی وڵاتەکەی لەدەست دەدات.
2. لە(١٥٪)ی دانیشتوانی وڵاتەکە کەم دەبێتەوە کە بێگومان هێزی کار و سوپای کەم دەبێتەوە.
3. ڕێژەی (٢٠٪)ی ئابووری وڵاتی ئیسپانیا کەم دەبێتەوە.
4. نزیکەی(580)کیلۆمەتر کەناری دەریا لەدەست دەدات.
5. لە(٧,٥٪)ی دەستی کاری لەدەست دەچێت.

## ب/ زیانەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا بەجیابوونەوەی لە وڵاتی ئیسپانیا:

بێگومان زەرەرو زیانێکی زۆر بە هەرێمی کەتەلۆنیا دەکەوێت دوای جیابوونەوەی لەووڵاتی ئیسپانیا: (الحیالی،2017،ص8)

1. دەرچوون لە ناوچەی یۆرۆ.
2. درووستبوونی گرفتی ئابوری.
3. بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری.
4. زیانێکی گەورە بەیانەی بەرشەلۆنە دەکەوێت، کە داهاتی گەورەی بۆ هەرێمەکە هەیە.
5. نەبونی گەرەنتی بوونی بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا.
6. هاوشێوەی یۆنان تووشی داتەپینی ئابووری دەبێت.

## ج/ بیانووی هەرێمی کەتەلۆنیا بۆ جیابوونەوە:

هەنگاونان بەئاراستەی جیابوونەوە، بیرۆکەیەکی خۆرسك نیە بەدڵنیاییەوە کۆمەڵێک هۆکار هەیە بۆ بیرکردنەوە لەم بڕیارە سەختە ئەوانیش بریتین لە: (إسماعیل،2020،ل2)

١- لەسەرەتادا ناوچەیەکی سەربەخۆ بووە بەڵام ئیسپانیا داگیری کردووە، بەتایبەتی دوای حوکمی ئیسلام لەساڵی (95)کۆچی.

٢- هەرێمی کەتەلۆنیا بیانووی ئەوەی هەیە خاوەنی ئابووریەکی بەهێزە، کەچی ئیسپانیا دەستی بەسەر داهاتەکەی داگرتووە.

٣- ناوچەیەکی کراوەی هەیە دەتوانێت بەئاسانی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە ببەستێت.

٤- چەندین جار مافی حوکمی زاتی لێ زەوتکراوە بەتایبەتی لەسەردەمی فرانکۆ.

## د/ بیانووی وولاتی ئیسپانیا:

زیانەکە بۆ ئیسپانیا گەورەتر دەبێت، سەرەتا بە ڕووبەری نزیکەی (٣٣) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە مەزەندە دەکرێت، واتە ئیسپانیا لەسەدا ٨ی کۆی ڕووبەرەکەی لەدەست دەدات هەروەها چڕی دانیشتوانی ئیسپانیا ٧ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس کەم دەبێتەوە، لەدەستدانی کەتەلۆنیا لەلایەن ئیسپانیاوە دەبێتە هۆی بێبەشکردنی هێزێکی گەورەی ئابووری و سەرچاوەیەکی گرنگی باج، بەو پێیەی ناوچەکە نوێنەرایەتی بارەگای زۆرێک لە گروپ و کۆمپانیا زەبەلاحەکان و پەیمانگای گەورە دەکات، کۆی گشتی بەرهەمی نیشتیمانی هەرێمی کەتەلۆنیا (٢١٠) ملیۆن یۆرۆیە، کە ساڵانە پشکی هەر هاوڵاتییەکی کەتەلۆنی دەکاتە نزیکەی ٢٧ هەزار یۆرۆ، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئیسپانیا نزیکەی لەسەدا ١٩ی بەرهەمی نیشتمانی لەدەست دەدات، هەروەها ئیسپانیا نزیکەی لەسەدا ٢٦ لەدەست دەدات لە هەناردەکردنی کەرەستەی بەرهەم هێنراو لە ناوچەی کەتەلۆنیا، جگە لەوەش هەرێمەکە لەسەدا ٧٠ی هاتوچۆی بازرگانی دەرەکی ئیسپانیای کۆنترۆڵ کردووە و ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی گواستنەوەی کاڵای ئیسپانی کە بڕیارە بۆ هەناردەکردن بێت، کەتەلۆنیا نزیکەی لەسەدا ٤٥ی کەلوپەلی تەکنەلۆژی هەناردەکراوی وەک ئۆتۆمبێل و ئامێری ئەلیکترۆنی بەرهەم دەهێنێت، کە گەنجینەی ئیسپانیا لەدەستی دەدات ئەگەر کەتەلۆنیا جیاببێتەوە، هەروەها شاری بەرشەلۆنە کە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پایتەختی ناوچەی کەتەلۆنیا دادەنرێت و بە یەکێک لە گەورەترین وڵاتەکانی جیهان پۆلێن دەکرێت، دوو ئەوەندەی مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا گەشتیارانی بۆ خۆی ڕادەکێشێت، هەروەها ئەگەر کەتەلۆنیا سەرکەوتوو بێت لە گەیشتن بە سەربەخۆیی، ئەمە کاریگەرییەکی بەهێزی دەبێت لەسەر دانیشتوانی ناوچەی باسک کە لە کەتەلۆنیەکان توندڕەوترن. گەلی باسک بە شێوەی جۆراوجۆر بەدوای چۆنیەتی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ ناوچەکەی خۆیدا دەگەڕێت، وەزیری دادی ئیسپانیا، لە لێدوانێکی وروژێنەردا ڕایگەیاند، زۆر دەترسم سەربەخۆیی کەتەلۆنیا لە ڕاستیدا ببێتە هۆی کۆتایی هاتنی دەوڵەتی ئیسپانیا، چونکە سەربەخۆیی کەتەلۆنیا وەک یەک لە دوای یەک دۆمینۆ دەچێتە خوارەوە کاتێک یەکەم پارچەیەک دەڕوخێت.

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین ئیسپانیا کۆمەڵێک بیانووی هەیە کە ڕێگا نادات کەتەلۆنیای لێ جیا ببێتەوە ئەوانیش بریتین لە:

١- ئیسپانیا بیانووی ئەوەی هەیە کە هەرێمی کەتەلۆنیا هەموو مافێکی لە ڕێگای دەستوورەوە پێدراوە بەتایبەتی لەدەستووری ساڵی(2006).

٢- زیانێکی گەورە بەر ئابووری و وولاتەکە دەکەوێت.

٣- جیابوونەوەی کەتەلۆنیا دەبێتە هۆکاری ئەوەی جیابوونەوەی زیاتر لەدوای بێت لە ئیسپانیا و دەرەوەی ئیسپانیا، هەروەها سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دەبێتە هاندەرێك بۆ هەرێمی(باسك لە ئیسپانیا) بۆ جیابوونەوە کە پێشتر هەوڵی سەربەخۆیی داوە، هەرێمی باسك پاڵپشتی ئەو هەنگاوەی کەتەلۆنیای دا بەهیوای ئەوەی کە ئەوانیش بتوانن جارێکی تر داوای سەربەخۆیی بکەنەوە کە ناکۆکی زۆری لێکەوت، بۆیە هەر جیابونەوەیەك لەئیسپانیا ڕووبدات جیابوونەوەی تر بەدوای خۆی دا دەهێنێت، وەزیری دادی ئیسپانیا لەئاگادارکردنەوەیەك ووتی(زۆر دەترسم لەوەی کەسەربەخۆیی کەتەلۆنیا بەڕاستی لەناوچونی دەوڵەتی ئیسپانیا بەدوای خۆی دا بهێنێت، چونکە کەتەلۆنیا وەك کەوتنی یەکەم پارچە دۆمینەیە کە کەوتنی پارجەکانی تری لەدوای ئەون زۆر ئاسانە).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## و/ پێشبینی داهاتووی کێشەی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئاینده:

ئەم کێشەیە لەناوچەیەکی جوگرافی بوونی هەیە، کە بەردەوام چەمکی ئازادی ڕادەربڕین و مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت لەئارادایە، بێگومان بەشێوەیەکی هێمن تر و ئاسانتر مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە دەکرێت، بەڵام بەهۆی بوونی (17)هەرێمی جیاواز لەگەڵ بوونی هەرێمی تر لەووڵاتانی تر ئەمە جگە لەبوونی بیروباوەڕی ئاینی و جیاوازی نەتەوایەتی لە کیشوەرەکە، هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی تاڕادەیەك قورس و دژوار دەبێت. هەروەها لەکاتی بوونی مەترسی لەسەر ئاسایشی ئەم ووڵاتانە بەدوور نازانرێت و جەنگ بەرپابێت، هەروەك ئەوەی بەهێز دەنگی زیاتر لە(٩٠٪)ی ئەنجامدەرانی ڕاپرسیەکە هیچ سەنگ و بایەخێکی نەبوو.

هیچ کات ئیسپانیا ئامادە نیە کەوا ڕووبەرێکی(32106)کم2 لەدەست بدات جگە لەبوونی سنورێکی فراوانی بەدرێژایی(580)کم، بەتایبەتی دەڕوانێتە سەر دەریای ناوەڕاست.

بۆیە باشترین چارەسەر بۆ ئەم دۆخە بوونی حوکمی زاتییە بەشێوەیەکی ئازاد لەدروست کردنی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە، هەروەها بوونی ئابووری سەربەخۆ بەبێ گەڕانەوەی داهات بۆ مەرکەز، کشانەوەی سوپای ئیسپانیا لەهەرێمی کەتەلۆنیا و دامەزراندنی سوپایەکی نیشتمانی لەهەرێمی کەتەلۆنیا لەژێر چاودێری ئیسپانیا، بەڵام قبوڵکردنی تارادەیەك زەحمەتە لەلایەن وڵاتی ئیسپانیا بەڵام باشترین چارەسەرە بۆ بێدەنگکردنی دەنگی نارەزایی، چونکە تاکە بیانووی کەتەلۆنیا لەدەستدانی ئابووریەکی زۆرە.

لەکۆتایی دا دەتوانین بڵێین کێشەی کەتەلۆنیا بریتییە لە کێشەی (ئابوری و سنوور و ڕووبەر و جیۆپۆڵەتیك و دابڕانی ناوچەی تر)، بۆیە بەدووری دەزانین کەوا کەتەلۆنیا بتوانێ وا بەئاسانی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، چونکە ئیسپانیا ئەندامە لەیەکێتی ئەوروپا، هەرچەندە ئەمریکا ئارەزووی لێکترازانی ئەم یەکێتیە بکات بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێ لەزۆربەی سیاسەتەکانی ئەمریکا بەتایبەتی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەم ووڵاتانە هاوکارینە بۆیە نایەوێت سۆز و پشتگیری ئەم ووڵاتانە لەدەست بدات. لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک هەوڵ دراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کەتەلۆنیا ئارەزووی سەربەخۆیی هەیە ئەویش بەبیانووی ئەوەی دوای کەوتنی هەرێمەکە لەساڵی(2017)، کەچی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی(2018) سەربەخۆ خوازەکان زۆرترین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگی پەرلەمانی کەتەلۆنیایان بەدەست هێنا ئەوەش باشترین ئاماژەیە بۆ بوونی بیری سەربەخۆیی لای دانیشتوان.

خواستی بنیاتنانی وڵاتێکی نوێ و باشتر، بە ئاماژەدان بە سەردەمێک کە هەموو جیهان نەک تەنها کەتەلۆنیا شاهیدی قەیرانێکی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو، لە کاتێکدا زۆرێک لە هاووڵاتیانی ناوچەکە پشتیان لە قەیرانەکە کرد بە کاری قورس و بنیاتنانی جۆرێکی جیاواز لە دەوڵەت، دیموکراسیتر و ئاشتیانەتر. کەتەلۆنیا ئاواتەخوازە ببێتە هۆڵەندا یان دانیمارکی باشووری ئەوروپا، واتە وڵاتێکی بچووک بەڵام پەیوەندی بازرگانی بەهێزی لەگەڵ باقی جیهاندا هەبێت.

خواستی پێشخستنی زمانی کەتەلۆنی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا، وەرگرتنەوەی ئەو شوێنەی کە شایەنیەتی لە نێوان زمانە هەمەچەشن و دەوڵەمەندەکانی ئەوروپا،دانانن بە خەڵکی ناوچەکە بە کەتەلۆنی نەک ئیسپانی، بە تایبەت لەگەڵ پەرەسەندنی هەستی سەر بە ئیسپانیا نەبوون، هەرێمەکە ئاڵای تایبەتی خۆی هەیە کە نوێنەرایەتی کولتوور و بەهاکانی دانیشتووانەکەی دەکات، دانیشتوانەکەی دەیانەوێت گوێبیستی نەتەوەی خۆیان بن.

## دەرئەنجام

لەژێر ڕۆشنایی ئەم باسەدا بەکۆمەڵێک ئەنجام گەیشتین بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- گرنگی شوێنی جوگرافی هەرێمی کەتەلۆنیا کە کەوتۆتە سەر کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت.

2- بەرزی و نزمیەکەی لە بەشی باکورەوە خاڵی بەهێزی جیۆپۆلەتیکیەتی بەڵام لەبەشی ناوەڕاستەکەی خاڵی لاوازی هەرێمەکەیە.

3- کێشەی کەتەلۆنیا بە پلەی یەکەم بریتییە لە لایەنی ئابووری، بەجۆرێك ڕێژەی (20%)ی ئابووری وڵاتی ئیسپانیا پێکدەهێنێت.

4- کەتەلۆنیا بەجیابوونەوەی تەنها سود نابینێ بەڵکو زیانیشی هەیە.

5- سەربەخۆ خوازانی هەرێمی کەتەلۆنیا دەست بەرداری خەونی جیابوونەوە لە وڵاتی ئیسپانیا و سەربەخۆیی نەبوونە.

6- هەرێمی کەتەلۆنیا نەیتوانوە پاڵپشتی دەرەکی بەدەست بهێنێت بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی و جیابوونەوە لە وڵاتی ئیسپانیا، بۆیە کێشەکە بەچەق بەستوویی ماوەتەوە.

7- وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەربەستن لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەکە، لەبەر بەرژەوەندییەکانیان هۆکارن بۆ قۆڵبونەوە و نەگەیشتن بە چارەسەرێکی هاوبەش و گونجاو.

## لیستی سەرچاوەکان


1. ئەسەسەرد، فەرید، کوردستان و کەتەلۆنیا دوو مۆدێلی جیاواز، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(1211)،سلێمانی،بەرواری ٢٠١٧/٩/٨).
2. ئەسەسەر، فەرید، گیروگرفتی دانیشتوان لەئیسرائیل دا و ئاسەواری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ2، ساڵی دوانزەهەم، سلێمانی، ئابی 2004.
3. ئۆغلو، ئەحمەد داود، قوڵایی ستراتیژی پێگەی نێونەتەوەیی تورکیا،چاپخانەی تاران، سلێمانی،2020.
4. هیشام، عباس رفعت، التداعيات السياسيه في إقليم كتالونيا، مطبعه موصل، موصل، 2017.
5. محمد، علی محمود، کەتەلۆنیا و کوردستان لەپایزێکی گەرمدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2017.
6. محمد فرهادی ، تبیین اقتصادی جدایی طلبی کاتالونیا از اسپانیا بر مبنای رویکرد انتخاب عقلانی ، فصلنامه رهیافت های سیاسي و بین المللی ، سال نهم ، شماره 2 ، زمستان 1396.
7. مجدوبی، حسين، أزمه كتالونيا تعيد الحلول المطروحه بين الاستقلال والحكم الزاتی، مجله القدس العربي، عدد3112، بغداد،2019.
8. فتح الله، سفين جلال، بنچینە و بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، چاپخانەی نارین، هەولێر، 2014.
9. علی،ساسان حکمت، ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2022.
10. عەتەوی، عەبدوڵا، دەوڵەت وکێشە نێودەوڵتیەکان، و. جەزا تۆفیق تالب، سلێمانی، 2011.
11. عبدالقادر، مينى أمين، قجايا القوميات وأثرها على العلاقات الدوليه(القضيه الكرديه نموزجا)، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، السليمانيه، 2003.
12. عبدالقادر، شامل، كتالونيا و كردستان شرق و غرب، مجله أسرار،عدد(483) بغداد، 2017.
13. شەریف، کەمال، ئەرکەکانی هێزی دەوڵی لەپاراستنی ئاشتی جیهان، گۆڤاری سیاسەتی دەوڵی، (ژمارە1)، هەولێر. 1992.

14. شامی، صلاح الدين، دراسات فی الجغرافيه السياسيه، منشاه المعارف ، الاسكندريه ، 2001.
15. السماك، محمد أزهر سعيد، الجغرافيه السياسيه المعاصر،دارالامل للنشر والتوزيع،1998.
16. سعودي، محمد عبدالغني، جغرافيه المشكيلات الدوليه ،ط1، دار الرائد للطباع، 1974.
17. دەرویش، سەرکەوت عەبدوڵا، شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لەعێراق، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2014.
18. الحيالی، أزهار عبدالله حسن، وسائل أعمال حق تقرير المصير ونمازج ممارستها في ظل التطورات الدوليه المعاصره، مجله العلوم السياسيه، عدد408، كليه قانون والعلوم السياسيه، جامعه كركوك، كركوك، 2017.
19. حداد، هاشم یاسین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، چاپخانەی تێنووس، هەولێر، 2009.
20. جنگیانی، جەزا، هەنگاوەکان بەرەو دەوڵەت، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2017.
21. تالب، جەزا تۆفیق، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەري لێکۆلینەوەی ستراتیجی، چاپي دووەم، سلێماني، 2005.
22. بەرزنجی، سۆران حوسێن عبدالقادر، کێشە یاساییە نێودەوڵەتیەکانی هەرێمەکان لەدەوڵەتی فیدراڵیدا، ماستەر نامە(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی یاسا و رامیاری، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2008.
23. بەرزنجی، سۆران حوسێن عبدالقادر، کێشە یاساییە نێودەوڵەتیەکانی هەرێمەکان لەدەوڵەتی فیدراڵیدا، ماستەر نامە(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی یاسا و رامیاری، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2008.
24. أورويل، جورج، الحنين الی كاتالونيا1938، ترجمه: عبدالحميد الحسن،ط1، مطبعه وزاره الثقافه، دمشق، 2002.
25. أمزيان، سلامانی محمد، تأثير التجربه التكامليه الاتحاد الأوروبي علی الحركه القوميه الكتالونيه مابعد نهايهالحرب البارده، رساله ماجستير(غير منشوره)، قسم العلوم السياسيه، جامعه مولود معمری، قاهيره، 2016.
26. إسماعیل، سلێمان عەبدوڵا، کێشە نێودەوڵەتیەکان، کۆرسی دووەمی ماستەر، بەشی جوگرافیا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2020.
27. ابوعيانه ، فتحی محمد، الجغرافيه سياسيه، دار المعرفه، الجامعه الاسكندريه, 1996.
28. Woolard, Kathyn.A, Changing language policies and attitudes in autonomous Catalonia, University of California, san Diego, 2020.
29. Orwell, George, Homage to Catalonia, University of Aberdeen, Barcelona,2000

30.Nathalie Duclos , The Strange Case of the Scottish Independence Referendum. Some Elements of Comparison between the Scottish and Catalan Cases French Journal of British Studies, Revue Française de Civilisation Britannique, Online since 23 July 2015, connection on 19 April 2019.
31.Moreno, Luis, Scotland, Catalonia, Europeanization and the Moreno Question, University of Aberdeen, Barcelona, 2017.
32.https://www.idescat.cat/indicadors.
33.Hargreaves, John, Freedom for Catalonia, University of Brighton, Barcelona,2000.
34.Domingo, Jose L, polycyclic aromatic hydrocarbons in foods: human exposure through th diet in Catalonia, Spain, University of Barcelona, No12, 2003.
35.Connolly, Christopher K, Independence in Europe, University of Aberdeen, Barcelona, 2017.
36.Cetra, Daniel, The 2017 Catalan independence referendum, University of Aberdeen, Barcelona,2018.
37.https://www.enciclopedia.cat/gran-enciclopedia-catalana/catalunya-3 .

---

# Domestic and international dimensions of the Catalan problem

## (An Analysis of Political Geography)

**Bzhar Abdulsattar Abdul Qader**
Department of Geography, College of Art. University of Salahadden, Erbil Kurdistan Region, Iraq.
Email: bzhar.abdulqader@su.edu.krd

**Ubedullah Hatam Yusef**
Department of Geography, Faculty of Education. Koya University . Koya 44023, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Obaid.Hatam@koyauniversity.org

***Keywords:*** *Catalonia, Spain, economy, referendum.*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١ )، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

Catalonia has repeatedly tried to secede from Spain, the last attempt to dream of independence was the referendum on October 1, 2017, which more than 90% of the people Participants voted to secede, which deepened the problem. Because of the importance of this topic, we have divided our research plan into an introduction and three topics. The first topic deals with the natural resources of the Catalan region as follows. The second topic is devoted to human resources in Catalonia. Topic 3: This topic discusses the future of the Catalan problem and the possibilities of resolving it. Finally, the study has reached several conclusions, and we have also presented several recommendations in order to further enrich the study.

ملخص:

حاولت كاتالونيا مرارًا وتكرارًا الانفصال عن إسبانيا ، وكانت آخر محاولة للحلم بالاستقلال هي الاستفتاء في الأول من أكتوبر 2017 ، والذي صوت أكثر من 90٪ من المشاركين فيه للانفصال ، مما أدى إلى تعميق المشكلة. نظرًا لأهمية هذا الموضوع ، فقد قسمنا خطتنا البحثية إلى مقدمة وثلاثة مواضيع. يتناول الموضوع الأول الموارد الطبيعية للإقليم الكتالوني على النحو التالي. الموضوع الثاني مخصص للموارد البشرية في كتالونيا. الموضوع الثالث: يناقش هذا الموضوع مستقبل المشكلة الكاتالونية وإمكانيات حلها. أخيرًا ، توصلت الدراسة إلى عدة استنتاجات ، كما قدمنا العديد من التوصيات من أجل زيادة إثراء الدراسة.

الكلمات المفتاحية: أقليم كاتالونيا ، أسبانيا ، الاقتصاد ، الاستفتاء.